## پەچە و رووبەندی ئیسلامی و گەمەی سیاسی ــ کۆمەڵایەتی

**یوسف**

ماوەیەك لە مەوبەر و لە زمان فەرماندەی هێزی ئینتزامی تارانی پێتەختی کۆماری ئیسلامییەوە، هەواڵی ئەوە بڵاو بۆوە کە لە سەرەتای مانگی گوڵان ەوە لە گەڵ ئەو کەسانەی کە خۆیان پێی دەڵێن "بد حجابی" واتە ئەو کەسانەی کە پەچە و رووبەندی ئیسلامی بە باشی بە کار ناهێنن، بە توندی لە گەڵیان دەجوڵێنەوە.

لە یەکەم نیگادا بڵاو بوونەوەی هەواڵێکی لەن چەشنە هەرچەند شتێکی تازە نییە بەڵام لە هەمانکاتیشدا جێی تێڕامانە.

هەموو ساڵێك لە نزیك بوونەوەی وەرزی گەرما و زۆرجاریش لە سەرەتای کرنەوەی خوێندنگاکاندا گەلاڵەی لەم چەشنە پێشنیار کراوە و تا ئەو جێگایەش کە بۆیان کراوە زەخت زۆریان لەم بابەتەشەوە خستۆتە سەر ژنانی کۆمەڵگا. هەموو سالێك لە گەڵ نزیك بوونەوەی وەرزی گەرما خەڵکی جلو بەرگی راحەتتر ، فێنکتر و رەنگی شادتر لە بەر دەکەن، خۆ ئەوە شتێك نییە کە تایبەت بە ئێران بێ. بەڵام هەر کە وەرزی گەرما نزیك بۆوە پەچە و رووبەندی ئیسلامی بەشێکی هەرە زۆر لە بیر و زەینی کار بە دەستانی ئەو وڵاتەوە بە خۆیەوە خەریك دەکات ئەوەش تا ئەو رادەیە چۆتە پێشەوە کە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لە وانەیە ئێستا زانیارییەکی تەواویان لە سەر هەموو مۆدێلێکی جلوبەرگ بە ئیسلامی و نائیسلامییەکەیەوە هەبێ !! هەڵبەتە ئەوەش خۆی لە خۆیدا شتێکی سەیر و سەمەرە نییە، چوونکە لەو جۆرە وڵاتانەدا کە ژن بە "ناقص العقل" لە قەڵەم دەدرێ و چکۆلەترین بایەخێکی ئینسانی پێ نادرێ، دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکرێ کە لە سەر چەند سانتی مەتر کورتی و درێژی مانتۆکەیان هەڵاو هەنگامە ساز بکرێ.

لە ماددەی 638ی یاسای مەجازاتی ئیسلامی ئێران دا هاتووە: ئەو ژنانەی کە بە بێ سەرپۆشی ئیسلامی بچنە شوێنە گشتییەکان لە دە رۆژەوە هەتا دوو مانگ زیندانی و جەریمە دەکرێن! هەڵبەت ئەوە یاسایەکە کە پێشووتر پەسەند کراوە و گوایا لەم دواییانەدا هێندێك کەس خوازیاری پێداچوونەوە و قورستر کردنی ئەم حوکمەش بوون. هەمووی ئەوانەش لە کاتێکدایە کە ئەوەی کە پێی دەڵێن پەچە و رووبەند، بە باشی بۆ خەڵك شی نەکراوەتەوە. بە پێی یاسای کۆماری ئیسلامی جلوبەرگی ژنان دەبێ بە شێوەیەك بێ کە تەواوی جەستەیان بێجگە لە دەست و دەموچاویان داپۆشێ و نابێ بە جۆرێکیش بێ کە بە لەشیانەوە بنوسێ و ئەندامەکانی جەستەیان دەرکەون. چوونکە ئەگەر ئەندامانی جەستەیان تەنانەت لە ژێر جلوبەرگیش دا زەق بێتەوە، لە روانگەی ئەوانەوە ئەوە بێ حورمەتی و سوکایەتی بە بایەخە دینی و کۆمەڵایەتییەکانە.

سەیر ئەوەیە کە لەو کۆمەڵگایەدا لە بەر زۆر هۆکاری جۆراوجۆر کە تاوانباریش هەر دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەن، ئەوەندە کچانی سەر شەقام و بێ خانە و لانە و ئەوەندە ژنانی لەشفرۆش چ بە شێوەی یاسایی (صیغە) و چ بە شێوەی نایاسایی زۆر بوون و پەرەیان سەندووە و پەرەی پێدەدرێ و بۆتە گرفت کە ئیتر پێم وانییە پەچە و رووبەند گرفتێکی کۆمەڵایەتی بێ. یان ئەوە چۆنە کە ژنان و پیاوانی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان پەچە و رووبەندیشیان بە سەرەوە نییە و هیچ کارەساتێکیش نەخوڵقاوە بەڵام ئەگەر لەم وڵاتەدا کەسێك ئەوانە نەپارێزێ ئەوا هەوا و هەوەسی پیاوانی لە خۆی وروژاندوە؟!

ئەوەی کە روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەوە چیرۆکێکە کە بەردەوام دووپات دەبێتەوە و تا ئێستاش نە تەنیا هیچ ئاکامێکی بە دواوە نەبووە، بەڵکو ئەوە بۆتە یەکێك لە گۆڕەپانەکانی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامیش و ژنان لە نێو دوو سنووری دەسکردی "دەبێ" و "نابێ" دا ماونەتەوە و هەر ئان و ساتێك لە هەر دەرفەتێك کە بۆیان بڕەخسێ هەنگاوێك خۆیان لە حرامکراوەکان نزیك دەکەنەوە و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە پەچە و رووبەند ببێتە گۆڕەپانی بەرەو روو بوونەوە لە گەڵ یاسا داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی و داوێنی بێگوێییەکانی ژنان و لاوانیش لەم بابەتەوە ئەوەندەی پەرە سەندوە کە لە کۆنترۆڵی دەوڵەت چۆتە دەرێ. لە سەردەمی سەرکۆماری خاتەمی‌ش دا کە بەشێکی زۆری خەڵکی تووشی وەهم و گومان کرد، هەر ئەو گۆڕینی شکڵ و شێوازی جلوبەرگ و ئەو بە ناو تۆسقاڵە ئازادییە بوو کە بۆ ماوەی 8 ساڵ خەڵکی پێوە سەرگەرم کرد. بەڵام ئیتر کاتی ئەوە بە سەر چووە کە خەڵکی بە قەولی برادەرێکی شاعیر "وەك داوەڵی مەل تارێنی ناو دێبەر" سەیر کەی و چۆنت پێ باش بوو و چۆنت بە گونجاو زانی شڕوشاڵی لێ ئاڵێنی. ئەمڕۆ ئیتر رێز گرتن لە ئازادییەکانی تاك و پاراستنی مافی ئینسانەکان بەشێك لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤایەتین.

2006/4/21